

# سەفەرێك لەگەڵ ڕەش و سپی دا..!!

هیوا دۆمان

> " نەڕەش ئەتوانێ سپی ون بکات و نەسپیش ڕەش ون دەکات.. "

ئەم دوو ڕەنگە پێکەوە بۆژیانێکی ئەبەدی لەبەرامبەری یەکتریدا ڕادەوەستن و بۆهەتا هەتایە دەست لەملان دەبن و جوانییەکانی یەکتری بۆ ڕەنگەکانی تردەخەنەدونیایی خەون وشۆك بونەوە ، لەدونیای ڕووناکی بەرەو دونیای تاریکی و بەپێچەوانەوە مرۆڤ لەم بەرکەوتەدا توشی گومان و ڕامانێك نابێت ؟ لەم دووجیهانەداچەندین پرسیاری هەمە جۆر لەزهنی مرۆڤدا دەهەژێنێ ، ئەم بەرکەوتنانە دەبنە مایەی ( ئازارو شێواندن لەروخسارو جەستەی مرۆڤ لەلایەك ، ترس، ڕاچڵەکین و سڵەمینەوە لەرۆحی مرۆڤدا لەلایەکی ترەوە ..

پەیوەندی بوونی ڕاستەوخۆی هەیە بە(( کات وشوێن ))ی بەرکەوتەکانەوە ،سەرداب و ژێرزەمینی تاریك و چواردیواری زیندان هۆکارێکی ڕاستەوخۆو بەرجەستەکراوی هەیە لە ئاماژەکردن بۆوێنەکانی شێواندن وراچڵەکین لەجەستەو ڕۆحی مرۆڤدا، لەم جێگانەدا مرۆڤ لەیەکەم بەرکەوتیدا دەبێت هەست بەچی بکات ؟ڕاوەستان لەجێگای خۆیداو ڕەنگە هەنگاونانیش بەرەو دوواوە بنێت، لەهەمان کاتیشدا هەست بەتەنگە نەفەسی هەناسەدان دەکرێت.

گەلەری (ئارام ) ئەم جارە وێنەی ئەشکەوتێکی بێتروسکای دەنواند لەیەکەم هەنگابۆ قاڵدرمەکانی خوارەوەدا توشی ڕاوەستان و هەنگاو نان بۆدوواوە دەبویت ، ژمارەو بەرزی قاڵدرمەکان لەزهنی مرۆڤدا نەدەمان‌و توشی سرینەوە دەبوون ، چونکە ئەمجا رە بەوێنەی جاران خۆی نەدەبینییەوە رابردوی گەلەری هێمایەکی ئەکتیڤ کراو وبینراوی هەبوو لەهەموو رووە کانی

ڕۆشنبیری و چالاكی هونەرییەوە بەپێچەوانەی ئەمجارەوە وێنەیەكی تری دەنواند ببووە جێگای پرسیارو گومان كردن لەلای بینەران و وەرگری هونەرییەوە.ئەمە گەلەری (ئارام) ە یان جێگایەكی نامۆ بەمنە ؟ گەرانەوە بۆژیانی سەرەتای مرۆڤە ، جێگەوپێگەی نیشتە جێ ی ئەوانە ڕاستەوخۆ یان وێنەیەكی ئەویم بۆدەگێرنەوە بەدیكۆمێت كراوی. هەڵكۆڵراو دیمەن و هێڵكارییەكانی سەر تاشەبەردوو لادیواری ناو ئەشكەوتەكان كەبەرەنگی سپی وڕە ش و هێڵكاری كردن نەخشێنراون، گەلەری (ئارام )یش هەمان هێماو وێنەی بەرجەستەدەكرد و لەرێگای وێنە كانی بەشێك لەو خەون و یادەوەری لەلای وەرگر بەجێ دەهێشت هێڵە سپییەكان وتێكەڵاوی وێنەكان ژیانێكی تری بەمن دەبەخشی. رەش وسپی دونیای كۆنتراس و دژ بەیەك پێك دەهێنن هەژان لەبوندا بنیات دەنێن ، بەهای هەردوو رەنگ لەلای یەكتری ئستاتیكای جوانی وهەڵچونێكی نائارام لەلام دەبەخشێ.

سێ ڕەنگی سەرەكی هۆكاری بنیات نانی كەڤاڵی ڕەنگین لەهونەردا، بەجودای ئەم سێ ڕەنگە ڕەش وسپی هاوسەنگی بوون وتەواوكار دەبینن لەگەڵ سەرجەم ڕەنگەكانی تردا . هونەری گراڤیك وەك چەمكی گرنگ و ئامارژەكردن بۆ توانای وهاوسەنگی ڕەش وسپی لەهونەری پلاستكی (شێوەكاری ) ئامارژەی بۆدەكرێت، هەڵكۆڵینی ئەو رووبەرانەی بەكار دەهێنرێت ناسراوە بەهۆی چاپكردنەوە جارێكی تر هێمای وێنەكانی دەگاتەوە بینەر (وەرگر) رەنگی رەش و سپی بەشێكی گرنگ وپانتاییەك لەوروبەرانە داگیردەكات بەهای جوا نی وكۆنتراسی رەنگ و هێڵ.

لەهونەری گراڤیك دا رەهەندی ململانێیەكان زیاتر بەدیار دەخەن ، بەجودا لەهونەری گراڤیك دا كەڤاڵی رەنگانەی هونەری نیگاركێشان بونی ئەم دوورەنگە هاوسەنگی تۆن ( قیم ) هێزوتواناییان دەردەخات ،لای هەرهونەرمەندێك بەجودا لەیەكتری ماناو بونی خۆی دەنەخشێنێت.



(ئـیڤ کلایـن )بەدابەشـکردنی رووبـەرەکان و ناوچـەی پانتاییـەکانی لـەنێوان رەش وسـپی دا و هێزی وەشاندنی پەرەموچەکانی بونێکی ئستاتیکی لەلایـەك وهـەژان وهەڵچونێکی نائارام لەلایـەکی تـرەوە بـەوەرگر دەبەخـشێ ، سـەرنج دانـت بۆخۆشەویـستی رەنگـی ڕەش وسـپی بـونی دەبێـت و جیهانی نـامۆ بـون وبێزاریت لەودوورەنگە کـەم دەبێتـەوەو بـەقێزەون ناونابرێـت بـەڵکو ڕاسـتەو خـۆ دەبێتە بەشێك لە هاوسەنگی بوونی ژیانت لەدەرخستنی جوانییەکاندا.

گەڕانـەوەمان جـارێکی تـر بـۆلای گەلـەری ئـارام و تێڕوانینمـان لەوبەرهەمـە نوێیـەی بـەناوی کارەساتی گەورەی ئەنفال و بۆرێز گرتن لەو مرۆڤانەی بونەقوربانی ئەو کارەساتە لەوگەلەرییەدابە بەرهـەمێکی نـوێ وبـە سـتائیلێکی نـوێ وە هێمـای ئـەنفال لەتابلۆیـەکی گـەورەی شـێوە دیـوار بەنـدی ببـوە جێگـەی سـەرنج وگفتـو گـۆو راوێـژی وەرگرانـی نێـو گەلـەری ئـەنفال ئەوکردەیـەبوو کـەجوانی وپێکهاتـەی گونـد نـشینی کوردسـتانی توشـی داروخـان و شکـستێکی گـەورە وگـۆڕینی کوردسـتان لـەرووی پێکهـاتی سروشـتی دیمـۆگرافی و کەسـێتی کۆمـەڵگای کوردییـەوە پـەیرەو کـرا ،شیرازەی پێکـەوەژیانی لێـك هەڵوەشـاندەوە وهـیچ بەهایـەکی مرۆڤـی مانـای نـەماو تائـەم سـاتانەی ژیـانیش رەنگدانەوەی شکست و دارمان بەکۆمـەڵگای کوردییـەوە بـەجێ مـاوە . یـادەوەری وبیرەوەرییـەکانی کەسایەتی ئەنفال لەم دیوار بەندییـەی گەلـەری دا دەمـان گەرێنێتـەوە بـۆ مێـژوی پـێش مەرگەسـات ئەوساتانەی گوندنشین زۆر بەئارام دور لە هەموو مەترسییەکانی لەناوبردن دەژیا وهەستی بەجوانی گوندەکەی و سروشتی ناوچەکەی دەکرد، ئەو لاوانـەی لەسـەر ڕێگـای ئەوینـەکانیان ڕادەوەسـتان و هـەموو هیـواو ئـاواتی بەرامبەرەکـەی دەبـوو رەنگرێـژی ژیـانی لـەهزرو خـەونی خۆیـدا دادەڕشـت بـەنیگای چـاوانی لـەبالآی ئەوینەکـەی دەروانـی ، کاکـەی شـوانی ژێـر تریفـەی مانگـە شـەو وچـاوە چـاوەی ئەسـتێرەکان و ئـاوازی شمـشاڵەکەی تێکـەڵ بـەئارامی و بێـدەنگی گونـدو هیلاکـی کاکـەی وەرزێری دەم داسی شەتەك و مانـدوی ژێـر تیشکی هـەتاوی دروێنـەی هـاوینی دەبێـت زەنگـی بێـدار کردنەوەی ئەویندارانی ئەو منداڵانەی لـەژێر سێبـەری دارتویـەکی گـەورەی نـاو گوندەکـەدا دەسـت و پەنجە بچکۆلەکانیان دەستە ملانیـێ خـۆڵ و یاری بەردێنـەیان دەکرد دەنگـی هـۆڕنی ئۆتۆمـۆبێلی کاکەی شۆفێری نێو گوندیان کە لەدەمـەو عەسرێکی فێنکدا خـۆی دەکاتـەوە بە ئـاوای دا و ئـەمانی لەخەونی قوڵی نێو یاری کردن بێدار دەکردنەوەوە بەدەم هاوارو راکردنەوە بەرەو پیری رایان دەکردو لـە چـاوەڕوانی خۆشەویـستانیان بەدەسـت و دیـاری پـڕ خۆشەویـستی یـەوە بـە بـزەو هـاواری دیاردەستیان بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە . ئەم وێنانـەی مـن ئامـاژەم پێکردن ئـەم خـەون و یادەوەریانـەی گوندێك هێمایـە بۆهـەمووان چۆن تۆمـار دەکرێنـەوە؟ چ تۆمارێك دەتوانێت بـێ کـەموو کـوری و لێك دابچڕاندنی جارێکی تـر ئـەم خەونانـە تۆماربکاتـەوەو دایـان برێژێتـەوە ؟ دەڵـێم هونـەر ئـەو گۆشـە نیگایەیە لەڕێگای داهێنانی دەست و نیگای هونەرمەندێکەوە گوتاری خۆی لەبەرانبـەر نـاخی مرۆڤ دا دەهەژێت و جوانترین نیگای بۆدەکاتە دیاری، قێزەون ترین کرداری بۆدەکاتە بەها ترین داهێنـانی هونەری و مێژووی ئەوی تێدا تۆمار دەکات.

ئـەو بەرهەمـە هونەرییـە نوێیـەی بۆیـادەوەری ئـەنفال نمـایش کرابـوو لەگەلـەری ئـارام دا سـتایلی پێچانەوەی لەخۆ گرتبوو بەوەی هەموو شتە بینراو بەرجەستەکراوەکانی لەڕێگای پێچانەوەی رووی بینـراوی و ون کردنـی ئـەو ماتریالانـەوە جـارێکی تـر تـۆ دەخاتـەوە بـەردەم ئـەو پرسـیارەی لـەناخی

هەرتاکێکی بینراوی ئەو بەرهەمە دا دەهەژێت، ئەمە بۆچی ؟ ئامانج لەپێچانەوەی هەموو ماتریال و شتە بینراوەکان دا چی یە ؟

( کریستۆی) بولغاری لەڕێگای داپۆشین و پێچانەوەدا بووە جێگای چەندین تیرامان و شیکاری هەمە جۆرەوە کەڕەنگە بە لای وەرگرەوە بونێکی تازەی لا دروست کردبێت . .ئەو جێگا سروشتی و مێژووی و ستراتیجییە گرنگانە بۆنمونە پەرلەمانی ئەڵمانی، ئەمە گەرمەبەست لەداپۆشینی دەستەڵاتێك کەلەو جێگایەوە بریاری داگیرکردن و لەناوبردنی مرۆڤایەتی تێدا مۆرکراوە، سومبوڵ و هێماکان تێڕوانین وخەیاڵی هەمە جۆرەی مرۆڤی بۆ دەچێت . لە چ گۆشەنیگاوە ئەم هونەرمەندەلەداهێنانی ڕووانیوە ؟ چ بینینێك لەپشت پێچانەوەکەوەیەتی؟

مرۆڤ خودی خۆی دروست کەری هەموو شتەکانی دەوروپشتی بێت بەڵام جارێکی تر لە ڕێگای پێچانەوە ون دەکرێنەوە، بۆچی؟

چێژ بەشێك دەبێت لەبونی بەهای ماتریاڵەکان لەلای مرۆڤ بەڵام چێژیش بەهەمان جوانییەکان بونێکی ڕێژەیی (نیسبی ) هەیە لەلای مرۆڤ جوانییەکان چۆن لەلای مرۆڤ بەگشتی بەرەو کاڵبونەوە دەچن بەهەمان پێوانەیش چێژیش بەرەو هەمان ئامانج دەچێت ،بەڵام ئەوەی جارێکی تر ئەو تواناییانە لەخودی مرۆڤ دا بنیات دەنێتەوە هونەر وهونەرمەندانە کەبە شێوەیەکی راستگۆیانەوەدوور لەهەموو مەهامێکی تر جارێکی تر ئەو جوانی چێژانە لەلای مرۆڤەکان دروست دەکاتەوە لەبەرانبەری ماتریاڵەکاندا.

هەربۆیە داپۆشینی رووی ناوەوەی گەلەری بەهەموو ماتریال وپێکهاتەکانییەوە بەروپۆشێکی ڕەش وبەناونیشانی (ماڵێك لەڕەش پۆشی و هێڵێك لەسپی ) گەرانەوەمان بۆتێڕوانینی ڕەش وسپی لە رووی کۆنتراس وهاوسەنگی بونی ڕەنگەکانی تر ، لەرووی داڕشتنی ئەدەبی و تێڕوانینی ئایدیاوە کارەساتی ئەنفال تائەم ساتانەیش لەو ماڵانەدا بەدی دەکرێن و بونی دیدی کۆمەڵایەتی پێکهاتەی کەسێتی توشی شکست و دارمان هاتووەو سارێژکردن ووەستاندنی لەسەر پێکانی وەك منداڵێکی ساوا وایە کە دایکی هەوڵی دارە دارەی لەگەڵ دەدات.

بونی وێنەو هێڵە سپییەکانی سەر ئەم پانتاییە ڕەشە بەرفراوانەو هەموو گۆشەکانی پڕ کردۆتەوە تەنانەت ئەو زەوییەی هەنگاوت بەسەری دا دەنا بەهەمان روپۆش و هێڵی هەمە جۆرە لەهەندێك گۆشەیە وە ئاماژەی بۆکرابوو ، هێڵ و وێنەکان بە ماتریاڵی دەباشیری گەچی سپی نە خشێنرا بوون بەشێوەیەکی سادە، بەدیارکەوتنی فۆڕمەکان گەر هێڵێکش بوبێت یان فۆڕمێکی دیاری کراو بەها و مانای خۆی هەیە ئاڵۆزی هێڵەکان وپانتاییە رەشەکە بەشێکی گرنگ بووە لەتەواوکردنی یەکتری و هاوسەنگی بوون لە دەرخستنی پرۆسەی ئەنفال گێرانەوەی یا دەوەری هەر تاکێکی ئەنفال کراو دا ، چەمکی یەکگرتنەوە لەداڕشتنی ئەم بیرۆکەیەدا وێنەیەکی دیوار بەندییە بەو مانایەی دارشتن و چۆنێتی هێنانی فۆڕمەکان شێوە سەربەستی یەکی پێوە بەدی دەکرێت هەرتاکێکی کارەکتەر لەگۆشەنیگای خۆیەوە لەمەرگە- ساتی ئەنفالەوە دەڕوانن ئەمەیش لەسەرجەم پانتای دیوار بەندییەکەدا کەلەلایەن کۆمەڵێك لەشێوەکاران بەئەنجام درابوو دەبینرێت بەڵام لەرووی گەیاندنی ناوەرۆکی داڕشتنەکەوە یەکگرتنێك لەنێوانیاندا پەیرەو کراوە ، لەوێنەو هێڵە سپییەکانی سەرپانتاییەکە بروانین هەست بەوە دەکرێت پرۆسەی ئەنفال تەنها کەسایەتی

مرۆڤـەكانی نەگرتۆتـەوە بـەڵكو فەرهـەنگ وكلتـور لەلایـەك و كۆمـەڵ و كۆمەڵایـەتی گرتۆتـەوە لەژێرخانییـەوە تـاكو بچوكترین ئـامـانجی ژیـانی كۆمـەڵگای كوردییـەوە ، ئـەنفال لـەرووی دەربرینـی ئـایـدۆ لۆژییـەوە مانـای هۆلۆكۆسـتی نەتەوەیـەك خـاوەنی مێـژوی دێرینـی ژیـان لەناوچـەكەداوبونی جوگرافیای نیشتەجێ بونیـە كـی دیـاری كراولەناوچـەكەدا ،بەڵام ئـەم پرۆسـەیە ئامـانجی سڕینەوەو لەناوبردنێكی یەكجارەكی ناوی لێنرابوو..

مالّێك لەرەشپۆشـی و هێلّێك لەسپی و رۆحـە شـەرەنگێزەكان بـونێكی مێـژووی بۆ خـۆی تۆمـار دەكات ولەهەرمالّێك و لای هەرتاكێكی كورد هیواكانی ژیان لەرووی شكستەوەجارێكی تر بژێتـەوە ، ژیـان ئـەو تاشـە بـەردەی سەرشـانی( سـیزیف)ە هـەركاتێك دەگەیـشتە لوتكـەو جـارێكی تـر خلـۆر دەبووەو هەمیشە بەرامبەرەكەی لەهەوڵی ئەوە دابوون وێنەیەكی شكست لەناخی سیزیف دا بـروێنن وتەسلیم بەئیرادەی ئەوان ببێت بەڵام بەهای ژیان بونێكی رەهای بوون لەناخی سیزیف و وێنـەكانی تری وەك ئەولەبڵندی ژیانـەوە دەروانـن ، ئـەنفالیش هـەمان بەردەكـەی سەرشـانی سیزیفە لەهـەموو شكست و هەوڵی سرینەوەیەك بەهیوایەكەوە لە مێژوو نەتەوەی خۆی دەڕوانێت.

مالّێك لە رەشپۆشی و... هێلّێك لەسپی ئاماژەیەكە بۆبونی گـۆڕانی بـەردەوام لـەلای ئێمـەیش و گونجـان هاوسـەنگی لەگـەڵ بـەجیهانی بـوونی هونـەرو تێكـەڵ بـوونی كلتورەكـان ، خوێندنـەوە بۆئـەم جۆرەكارانـە وبونی ئـەم شـێوازە نـوێ یانـە ئاراسـتەو گوتـاری نـوێ دەهێنێتـە نـاوەوەو وەرگـری نـوێ لەرۆشنبیری هۆشیاری بونی دونیای هونەرو نوێگەرییەكانییەوە ئاشنا دەبن .تێگەیشتن وێنەیـەكی جـوان لەبـەردەم كردنـەوەی دەرگاكـان بـەرووی رۆشـنبیری و تیـوری فەلـسەفی ژیـان و داهێنـان ئاماژەیەكە بۆ لێگەیشتن و هاوسەنگی بونی هونەرو وەرگر دا..

